# بنەما مێژوییەکانی پێکهاتنی داعش

**کامران مەتین[1]**
**وەرگێڕان بۆ کوردی؛ ئازاد حاجی ئاقایی**

لێکدانەوە سەرەکییەکان سەبارەت بە «دەوڵەتی ئیسلامیی شام و عێراق» (داعش) بە دوو ئاقاری سەرەکیدا ڕۆیشتوون: هێندێکیان لایەنگری لە زەقکردنەوەی ئایدۆلۆژیای فاندامێنتاڵیستیی ئیسلامییانەی ئەم گرووپە دەکەن کە وەک پەڕگرترین[2] دەربڕینی ڕەتکردنەوەی بەرهەمهاتووی ناوخۆییانەی مۆدێرنیتی ڕۆژئاوا تەفسیری دەکەن. ئەوانی تر داعش وەک ڕەنگدانەوەیێکی تایبەت لە ئینکاری فۆرمێکی نەتەوەیی-سێکیۆلار دەبینن کە لە لایەن کۆلۆنیالیستەکانی ڕۆژئاوایی بەسەر خەڵکانێکی چەند پارە بە لایەنی ئەتنیکی-ئایینەوە داسەپاوە. شرۆڤەی دوایی ئاماژەیەکە بۆ ڕێکەتننامەی سایکس-پیکۆ.

یەکەم جۆری ڕوونکردنەوە بە تێگەیەکی زاتخوازانە[3] لە ئیسلام و کۆمەڵگا ئیسلامییەکانەوە دەستنیشان کراوە کە پێشەکییە ڕۆژهەڵاتخوازییەکانی بەئاسانی دەکرێ بەتاڵ بکرێتەوە. ئەم زاتخوازییە کولتورییە لە دووهەم جۆری خۆیدا بەهۆی جەختکردنەوە لەسەر میراتی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاواییەوە بێهێزتر بووە. بەڵام بەگشتی ئەو سیاسەتە کۆنکرێتانەی کە لە ڕێگای ئەوانەوە کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی، و پەیوەندییە نێونەتەوییەکانی دەرەنجامی لە ناوچەکە، ئەو قەیرانەی ئێستایان پێک هێناوە لە تەفسیر و شرۆڤە سەرەکییە ماتریاڵیستییەکانی سەبارەت بە دەوڵەتی ئیسلامیدا بەباشی لە بەرچاو نەگیراون.

ئە م دە قە هەوڵدانێکی زۆر سەرەتایی و کاڵی پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئەم لەبەرچاو نەگرتنە. من نیشان دەدەم کە بۆ ئەوەی لە دیاردەی دەوڵەتی ئیسلامی باشتر تێ بگەین دەبێ وەک بەرهەمی بەیەکگەیشتنەوەی «قۆناغیان»ەی سێ ڕەوتی سەرەکی چاوی لێ بکەین. ئەم سێ ڕەوتە بریتین لە: کۆتایی شەڕی سارد و گۆڕانی نیۆ-لیبەراڵییانەی ژینگەی نێونەتەوەیی، هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عێراق بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا و وەدیارکەوتنی جیاوازانەی بەهاری عەرەبی لە ناوچەدا. کاریگەریی دیرۆکی ئەم ڕەوتانە کە ئاوێتەی یەکتر بوونە گرێدراوێکی چڕوپڕ و هۆکارییانەی هەیە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی[4] ڕوخساربەندیی[1] دەوڵەتی کۆلۆنیالی لە عێراق و سوریا-دا.

---

١ـ مامۆستای زانکۆی ساسێکس. ئەم وتارە بە هەندێک ئاڵوگۆڕەوە لەم گۆڤارەدا بڵاو کراوەتەوە:
journal of Global Faultlines, ٢٠١٥,vol ٢,No. ٢

٢. Most extreme

٣. essentialist

٤. peculiarities

لێکـــدانەوەی ئەم زەمیـــنە دیـــرۆکییە و شـــانۆی ڕووداوەکـــان دەری دەخـــا کـــە چـــۆن  ئەم کۆمەڵگایـــانە بە بنەمـــا ناوخۆییەکانیـانەوە کەوتـوونەتە نـاو گێـژاوی بەربـڵاوی ڕەوتـی نـاونەتەوەیی 'گەشـەی نـا-هاوسـەنگ و ئـاوێتە'[٢] کە بـۆ یەکەمجـار لە لایەن لیـۆن ترۆتسـکی-یەوە لە پەیوەنـدی لەگەڵ رووسـیای قەیسـەری وەک مەکـۆیەکی پارادۆکسـیکال لە یەکەم شۆڕشی پرۆلیتەری بەچەمک کرا. تیۆری 'گەشەی نـا-هاوسـەنگ و ئـاوێتە' لەسـەر ئەم بـڕوایەیە کـە هـاوژینێتیی دوو لایەنەی چەن کۆمەڵگـا (ناهاوسـەنگی) هەر دەم بەشـێکە لـە پێکهـاتەی نـاوخۆیی تاکـانەی ئەو کۆمەڵگایانـە(ئـاوێتە) و پێچەوانەکەشـی هەر ڕاسـتە. ئەم دۆخـە بووناسـانەیە گشـت ڕەوتەکـانی گەشـەی مێژویـی لـە نـاوخۆ و لەنێـوان وڵاتـان و کۆمەڵگاکان دەکا بە ڕەوتگەلێکی دوولایەنە و چەند هێڵی[٣]. ئەم بارودۆخە هەمیشەییەی ڕەوتـی گشـتیی گەشـەی مێژویـی بێوچان دیاردەی نوێی ئاوێتەیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لێ دەکەوێتەوە کە هەرکامیان تایبەتمەنـدیی خۆیـان هەیـە و نـاکرێ لەگەڵ دیاردەکانی پێشوو و یا ئەوانەی لە شوێنی جیاواز هاتوونە دی بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ هەڵبسـەنگێندرێن. هەروەك سیستێمی سۆڤیەت کە لە رووسیا دامەزرا و ترۆتسکی بۆ شروڤەکردنی چۆنیەتیی پێکهاتنە مێـژووییەکەی چەمکـی «گەشـەی ناهاوسەنگ و ئاوێتە»ی بۆ دروست کرد داعش یا دەوڵەتی ئیسلامیش نموونەی دیاردەیەکی لەم چەشنەیە.

❊❊❊

چۆنیەتی و شێوەی حـوکمڕانیی بەریتانیـا و فەرەنسـا بەسـەر مانـداتی[٤] ئێـراق و سـووریا- لە دەسـپێکەوە زۆرتـر لەژێـر کاریگەریی گرینگی زۆری ژێوپۆلێتیکی و کۆلۆنیالیی ئەم وڵاتانە بۆ بەریتانیـا و فەرانسـەدا بـوو تـا لەژێـر ڕێسـا ڕاشـکاوەکانی کـۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکـان[٥] کە بەڕوالەتەوە ئامـانج و هەڵسـوکەوتەکانی بەریتانیـا و فەرانسـای لەم دوو وڵاتـە نوێیـە دیـاری کردبـوو. ویسـتی فەرمیـی کـۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکـان لـە بەریتانیـا و فەرانسـا ئەوە بـوو کـە بەردی بنـاغەی بەڕێوەبەرایەتی و بنەمای ڕێکخراوەیی بۆ سەربەخۆییی تەواوی عێراق و سووریا دامەزرێنن. بـە زمـانی ئەمڕۆیـی بەریتانیـا و فەرانسا لە لایە ن کۆمەڵگـای نێـونەتەوییەوە بەرپرسـایەتیی پـرۆژەی بینـاکردنی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرنیـان لـە عێـراق و سووریا پێ درابـوو. بەڵام هەروەك گـوترا سیاسـەتی بەریتانیـا و فەرانسـا لەم دوو منداتـە بـە شـێوەیەکی سـتڕاتێژیك لەژێـر کاریگەریی بەرژەوەندییەکانی ژێوپۆلێتیکی و کۆلۆنیـالیی ئەم دوو وڵاتەدا بـوو و نەك پێداویسـتییەکانی سـازکردنی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن.

ئەم سیاسەتە کردەییە لە لایەن بەریتانیا و فەرانسا هەڵگـری زنجیـرە کردەوەیەکـی پراگماتیـک-تاکتیکـاڵ بـوو کە دژ بـە ئامانجی سـازکردنی دەوڵەت-نەتەوەی مـۆدێرن بـوو و بگـرە هانـدەری دووبـارە بەرهەمهێنـانەوە و  تەنـانەت بەهێزکردنـی-فۆرمە کەسـیکراوەکانی[٦] دەسـەڵات و پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانی نـامۆدێرن و شوناسـەکانی ژێروبـان نەتەوەیـی بـوو. لە ئاکامی ئەم ڕەوتەدا ئاڵوگۆڕە پێویست و بنچینەییەکـانی کۆمەڵگـا بـۆ بەدیهـاتنی دەسـەڵاتی دەولەتێکـی مـۆدێرنی دامەزراو

١. formation

٢. Uneven and combined development

٣. *interactive and multilinear*

٤. mandatory

٥. League of nations

٦. personalised

لەسەر بنەمای چڕکردنەوەی وەفای سەرەکیی سیاسی هاووڵاتییان بۆ «نەتەوە» هەر لە سەرەتاوە ئیمکانیان لێ ستێندرا. دەرەنجامی ئەو ڕەوتە ناونەتەوەیی و یکۆلۆنیالیە ئەوە بوو کە ناوەند و دامەزراوەکانی فەرمی و-بیروکراتی دەوڵەتی مۆدێرن ڕیشەی کۆمەڵایەتی-ئابووریی خۆجێییان نەبوو و بە شێوەیێکی مێکانیکی و ڕووبەرییانە لە کەمەڵگایێکی نامۆدێرن و دواکەوتوو کە بنەماکانی هەروا پەیوەندییەکانی پێش سەرمایەداری و شوناسەکانی غەیری نەتەوەیی بۆ پەیوەند بدرێن. ئەمە نموونەیەکی کلاسیک لە ڕەوتی بەربڵاوتری «گەشەی نا-هاوسەنگ و ئاوێتە» بوو. جموجووڵە دژبەیەکەکانی ناو ئەم پێکهاتە ئاوێتە و تێکەڵاوە کۆمەڵایەتییە، بنەماکانی گشتیی ڕەوتی گەشەی کۆمەڵایەتی-سیاسیی عێراق و سووریای لەو کاتەوە تاکوو ئێستا بەدی هێناوە و گیانی وەبەر خستووە.



بۆ نموونە دەسەڵاتی ناڕاستەوخۆی بەریتانیا لە عێراق، بەهێزبوونی بەرچاوی شێخی هۆزەکان، چینی خاوەن زەوی و پیاوماقووڵانی لادێیی بەدواوە بوو کە بەهۆی ئەو دەسەڵاتە بەربڵاو و کاریگەرەیان بوونە هۆکاری بەهێزبوونی بۆندەکانی کۆمەڵگا و شوناسی ئەتنی-ئایینی پێکهاتەکانیان کە ڕاستەوخۆ دژایەتیی هەبوو لەگەڵ پێکهاتنی شوناسی نەتەوەیی کە ئامانجی ڕەسمیی سیستێمی ماندات بوو.



هاوکات، ناوەندە جیاوازەکانی دەوڵەتی مۆدێرنیش بە مەبەستی ساخڵەمکردن و زۆرکردنی بەرژەوەندییەکانی و کاریگەریی بەریتانیا و کەمکردنەوەی تێچووەکانی ئەم وڵاتە دروست کران. لەم ڕووەوە، بەهێزترین دامەزراوەی دەوڵەتی نوێ، واتە سوپا، بە کەڵکوەرگرتن لە ئەفسەرانی پێشووی ئیمپراتۆریای عوسمانی- کە زۆربەیان سوننە بوون و سەربازە نوێیەکانی عەرەبی سوننە- دامەزرا. سوپا تەنیا تا ئەو ڕادەیە بەهێز کرا کە بتوانێ ئەولەکاریی ناوخۆ بپارێزێ بەڵام ناتوانێت دەسەڵاتی بەریتانیا تووشی مەترسی بکات. لەژێر [دەسەڵاتی] دەوڵەتێکی تازەبەناوەندکراودا کە بەپێی ستراتێژیی «دووبەرەکی ساز کات و حکوومەت بکە» ساز ببوو جیاوازییەکانی نێوان شیعە و سوننە ناوئاخنی سیاسییان پێ درا کە دڕدۆنگی و نامۆیی سیاسیی ئەوانی لە یەکتری زۆر لەوەی کە لە دەورەی عوسانییەکاندا و لەژێر دەسەڵاتی ناناوەندیی ئەواندا هەلیان بۆ زیادتر کرد.

دوای سەربەخۆیی، سوپا وەک هێزێکی سیاسیی کاریگەر و زۆرڕێکخراوە[١] لەم وڵاتەدا وەدیار کەوت. سوپا هەژموونیی سیاسیی کۆلۆنیالی کۆنەپارێزی دامەزراو لەسەر بنەمای چینەکان و شێخەکانی عەشیرەتی وەک بەشێک لە پرۆژەی گەشەی خێرا بە سەرکردایەتیی دەوڵەت تووشی مەترسی کرد. بەڵام ئەم پرۆسەیە خۆی هەڵگری «زاڵبوونی بێهەژموونیای» چینێکی دەوڵەتی پێکهاتوو لە عەرەبی سوننە بوو کە دەسەڵاتی کەمینەیی و تاکڕەوانەی خۆی بەسەر باقیی دانیشتوانی غەیری عەرەبی سوننەدا بەهێزتر و چڕوپڕتر کرد.

پرۆسەیەکی هاوشێوە لە سووریا-ش بەڕێوە چوو؛ لە دامەزراندنی سوپایەکی نوێ، دەسەڵاتدارانی فەرەنسای کۆلۆنی بە شێوازێکی نەگونجاو[٢] لەناو کەمینە [ئایینییەکان] و بەتایبەت عەلەوییەکان دەستیان کرد بە ئەندامەوەرگرتن، ئەم ستراتیژیایە بە مانای دڵنیاکردنی گرێدراویی ڕێژەیی سوپا بەهێزەکانی فەرەنسی و بەرتەسککردنەوەی بنەمای کۆمەڵایەتی بە مەبەستی لاوازکردنی تواناییەکانی بوو تاکوو نەکا ڕۆژێک بێت و دەسەڵاتی فەڕەنسای کۆلۆنیاڵی تووشی مەترسی ببێت.

---

١. Most organised

٢. Dispropotiona....

ئەم نموووونەیە[١] لە بەشداربوونی نەگونجاوی عەلەوییەکان لەناو چینی ئەفسەرانی سوپا تەنانەت تاکوو دوای سەربەخۆیی [سوریا] بەردەوام بوو، وەک ئەوەی کە سوپا [تەنیا] ڕێگایەک [بوو] بۆ جموجوولی کۆمەڵایەتی-سیاسیی ڕووەو سەرەوە دانراو بۆ کەمینە ئایینزاکان بوو کە بە شێوازێکی دیرۆکییەوە پەراوێز خرابوون.

باڵادەستیی عەلەوییەکان لە سوپای نوێ و لێکنزیکبوونی ڕێژەیی باڵادەستیی سیاسییان، کە دەرەنجامی نزیکی زۆریان بە لایەنی جوگرافییەوە بوو- ڕێگا بەرەو هەندێک لێدوان لەسەر دەسەڵاتی درێژخایەنی عەلەوییەکان لە سووریا و جیری[٢] سیاسی- سەربازییان لە ململانێ و شەڕەکانی دواییدا دەکاتەوە. دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی کەمینەکان لە عێراق و سووریا بە شێوەیەکی کۆلۆنیالی پێک هات و هێدی هێدی خۆی خزاندە ناو جیاوازیی ئەتنی-ئایینیی پێشوو لەناو ململانێی تایفەگەریی توندوتیژ و درێژخایەن و هەر ئەمە لە بەکارهێنانی توندوتیژیی سیستەماتیک وەک نیشانەیەکی تەواوی دەسەڵاتی بەعس لەم وڵاتەدا کاریگەر بوو. ناسینی ئەم دۆخە پێشینەییە بۆ تێگەیشتن لە فۆرمی تایفەگەریانەی شەڕی ناوخۆ لەم وڵاتانەدا مژارێکی سەرەکییە.

ڕێنتەکانی[٣] نەوت لە عێراق و ژیۆ-پۆلێتیک لە سووریا دووبارە بەرهەمهێنانەوەی [سیستەمی] پارتی-دەوڵەتیی بەعسی لە ڕێگای زیادکردنی ڕێژەی سەربەخۆیی ئابوری هاسان کرد. بەڵام، [لە هەمان حاڵدا] ئابوریی ڕێنت-[هەروەها] توانیی ناساندنی جۆرێک لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی[٤] ئۆتۆریتاریەن-ی دەستەبەر بکات کە لە ئاڵوگۆڕکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵایەتی ئابوری لەسەر ڕەزامەندیی سیاسی کاریگەر بوو. ئەم دەوڵەتە خۆشگوزەرانە ئۆتۆریتریانە بە ئاوێتەبوون لەگەڵ سیکۆلاریزمی فۆرماڵی ناسیۆناڵیزمی پان-عەرەبی لە عێراق و سووریا ڕێگای دایە پارتی بەعس تاکوو ڕادەیەکی جۆراوجۆر لە یارمەتیی چالاکانە یان نا-چالاکانە لە خەڵکانی دیکە، واتە ئەندامانی کۆمەڵگا عەرەبەکانی دیکەی سەر بە ئەتنیک و ئایینزاکانی تر وەرگرێت. ئەمە بەتایبەت نیشاندەری حاڵەتی سووریا لە کاتی شەڕی سارده، واتە ئەو کاتەی حافز ئەسەد لە ڕێگای [ڕازی]کردنی جووتیاران و دانیشتوانە لادێییەکان دەستی دایە باڵانسکردنی چین-ی خاوەن زەویی سوننە و بورژوازیی شارنشین.

لەدەرەوەی ئەم جموجووڵەدا، ئەوە کوردەکان بوون تواندنەوەیان لەناو ناسیۆناڵیزمی شۆڤینی عەرەب ئەستەم بوو. هەر بۆیەش لەژێر سەرکوتی بەردەوامی کۆمەڵایەتی-سیاسیدا مانەوە و پەراوێز خران. ئەم سیاسەتە لە ساڵانی ۱۹۸۰ لە عێراق گەیشتە ئاستی ژینۆساید و لە سووریا-ش تێکەڵاویی ئاسیمیلاسیۆنیکی بەرەو پێش چوو و نکۆڵیکردن لە هاووڵاتیبوونی کوردەکانی گرتەوە.

داڕمانی ئەم دەسەڵاتە خۆشگوزەرانە و ئۆتۆریتاریانە هۆکاری سەرەکیی گۆڕانی خێرای کێشە و ململانێی سیاسی لەسەر دەوڵەت بۆناو شەڕێکی کراوەی تایفی بەهۆی زنجیرە کۆمپلێکسیکی هێزەکانی هەرێمی و ناونەتەوەیی بوو و هەر واش دەمینێتەوە.

لە سووریا، کۆتایی شەڕی سارد بنەماکانی سوودوەرگرتن لە ڕێنتی ژیۆ-پۆلێتیکی یەکێتیی سۆڤیەتی بنەبڕ کرد و

١. pattern
٢. resilience
٣. rents
٤. welfare-state

سووریای بۆ وەرچەرخان بەرەو لای رۆژئاوا هان دا. لەناو هەوڵدانەکانی تردا، ئەم هەوڵدانە ناونەتەوەییە ڕێگای بەرەو ناساندن و بەجێکردنی ئابوورییەکی لیبەڕاڵی خۆش کرد کە زۆر بەتوندی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی لاواز کرد و بەرەو فۆرمێک لە گەندەڵیی هاوڕێی سەرمایەداری کردەوە، ئەمەش بوو بە هۆکاری تەشەنەکردنی قەیرانی شەرعییەتی دەوڵەتی سووریا.

شەڕی درێژخایەنی عێراق لەدژی ئێران لە ساڵانی ۱۹۸۰، کە لە لایەن ئەمەریکا و زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپا پاڵپشتیی لێ دەکرا، قەڵشتی پێشووی نێوان شیعە و-سوننەی قووڵتر کرد. داڕمانی یەکێتیی سۆڤیەت و ئابڵۆقەی گشتیی ئابووری دوابەدوای ساڵی ۱۹۹۱ بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا لەدژی عێراق بە بەردەوامکردنی دەسەڵاتی خۆشگوزەران-ئۆتۆریتاریەنی پێش شەڕ وەک ئامرازێک بۆ سوکنایيهێنانی سیاسی توانستی دەسەڵاتی بەعسی بەربەست کرد. دەستێوەردانی عێراق لە ساڵی ۲۰۰۳ بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا و ناساندنی پرۆگرامی قووڵی بە کەرتی تایبەتکردن کۆتایی پێ هات، بەتەواوی دەوڵەتی عێراقی لەکار خست و لەم ڕێگایەوە دەسەڵاتی[1] سیاسیی سوننەی لە ناوەوە کۆتایی پێ هێنا.

دژەکردەوەی دەستپێکی عەرەبی سوننە بۆ ئەم پەراوێزخرانە سیاسی و ئابورییە ڕاسانەوەیەکی چەکدارانە بوو کە بە شێوەکی ڕوو لە زیادبوون بەتەواوی کەوتە ئامانجگرتنی شیعەکان و ئەوانی وەک یارمەتیدەرانی هێزە داگیرکەرەکان بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا بینی. ستراتێژیای دژە-شۆڕشی ئەمەریکا بریتی بوو لە بنچاوکردنی زۆر و زەوەند، ئەشکەنجەی بەربڵاو و سزادانی گشتی. هەروەها ئەمەریکا بە شێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون پشتی بە میلیشیا شیعەکان بەست، ئەمەش بوو بە هۆکاری زیادتربوونی شەڕی شیعە و سوننە.

ئەم زەمینەیە بەستێنێکی لەڕادەبەر بەپیت و بەرەکەت بۆ سەلەفییە توندئاژۆکانی بەدی هێنا. «دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق» (ISI) و جێنشینەکەی IS لە ساڵی ۲۰۰٦ لە تێکەڵبوونەوەی هەژمارێک لە گرووپەکانی گرێدراوی ئەلقاعیدە پێک هات. بەڵام بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی و هیوای لانیکەم چەن بەشێک لە سوننەکان بۆ دووبارە دابەشبوونی هێز لە بەرژەوەندیی ئەوان بەهۆی سیاسەتی یاسایی، پاڵپشتیی بەربڵاوی سوننەی عەرەبی لە ISI وەدرەنگ خست.

بەڵام تایفەگەریی بەربڵاوی هێزە سەرەکییەکانی شیعە و بەتایبەت حکوومەتی مالیکی بە شێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون بەشەکانی گەورەی لە عەرەبی سوننە بەرەو هەستانەوەی بە تایفیکراوی سوننە هان دا. دەستێوەردانە ناوچەییەکان بەهۆی دۆخی زۆر نالەباری پێشوو زەقتر بوونەوە. ئێران بە مەبەستی بەربەستکردنەوەی گەڕانەوەی سوننە بۆناو دەسەڵات یارمەتیی هێزە سوننەکانی دا و لەم پێناوەشدا بە زانایانە کاری کرد. لە لایەکی ترەوە عەرەبستانی سعوودی و هەندێک دەوڵەتی تری عەرەبی لە ترسی کاریگەریی ڕوو لە زیادبوونی ئێران لە ناوچەکە، پاڵپشتییان دایە شۆڕشی سوننەکان. لەم ناوەدا ستراتێژیای [ناردنی هێزی زۆرتری][2] ئەمەریکا و [دروستکردنی][3] میلیشیای [شۆراکانی هەستانەوە یا هەمان «سهوە»] عەشیرەکانی سوننەی عەرەب لە دوای ساڵانی ۲۰۰٦-۲۰۰۷ کارێکی کرد IS بکەوێتە دواوە. ئەمە بۆ ماوەیەکی کەمی دوای بەرپابوونی بەهاری عەرەبی لە ساڵی ۲۰۱۰ بەردەوام بوو.

---

۱. Ascendency

۲. Surge

۳. Formation

ژینۆلۆژیای خودی بەهاری عەرەبی لەگەڵ خاڵی پێکگەیشتنی[١] -چەندڕەهەندیی ناونەتەوەیی پێوەندیی چڕوپڕی هەیە: ئەمانە بریتین لە: هەڵوەشاندنەوەی مۆدیلی گەشەی ئابووری بە سەرکردایەتیی دەوڵەت بە دەست شەپۆلی نیو لیبراڵیسم- لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا، شەڕی دژەتیرۆری ئەمەریکا و قەیرانی ئابووریی ساڵی ٢٠٠٨ گرێدراویی هەیە. لە سووریا دوا بە دوای ئەوەی دەسەڵاتی بەعس بە شێوازێکی سیستەماتیک لەدژی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز دەستی دایە توندوتیژی، ئەم شۆڕشە بەخێرایی بوو بە شەڕێکی چەکدارانە. لێشاوی پاڵپشتیی ڕۆژئاوا و [هێزە] ناوچەییەکان بۆ تەشەنەپێکردنی دژایەتیی گرووپە چەکدارەکان و پشتیوانیی ستراتێژییەکی ئێران و 'حزب الله' لە دەسەڵاتی ئەسەد شەڕ و پێکدادانی گەیاندە ئاستی شەڕێکی تایفیی هەمەلایەنە و ئێجگار توند[٢].

دەوڵەتی ئیسلامی IS کاتی کڕییەوە و قورسایی ناوەندی چەکدارانی خۆی بەرەو سوریا گواستەوە و ناوی خۆی کردە دەوڵەتی ئیسلامیی شام و عێراق. ئەمەش بە مەبەستی نواندنەوەی[٣] پانتاییەکی بەرفرەتر بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی بوو. بەڵام داعش هەر زوو تووشی پێکدادان لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی دیکەی دژبەر[ی سووریا] وەک جبهە النصرە واتە لقی سوریاییی ئەلقاعیدە بۆوە کە لە لایەن ئەلقاعیدەوە نکۆڵی و سەرزەنشت دەکرا.

لەگەڵ پاشەکشێی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٢ و هەندێک پاشەکشێی سەربازی لە سووریا، ISIS ئۆپەڕاسیۆنەکانی خۆی لە عێراق بە مەبەستی دابینکردنی ڕێگای لۆجێستیکی بۆ بەرەی شەڕی خۆی لە سووریا زیاد کرد. ئەمە لە خۆیدا بوو بە هۆکاری گرتنەوەی چەن شاری وەک ڕومادی و فەلووجە لە دەسپێکی ساڵی ٢٠١٤. هاوکات دژبەرایەتیی زۆرینەی پارتە سیاسییەکانی عەرەبی سوننە، تایفەگەریی ڕاشکاوانەی حکوومەتی دەسەڵاتداری شیعە و نا-ڕوونیی هەندێک لە ماددە سەرەکییەکانی دەستوور لە عێراق، بوو بە هۆکاری بەردەوامبوونی پێکنەگەیشتنی سیاسی لەم وڵاتە. سەرکوتکردنی بێبەزییانەی خۆپیشاندەران لە چەن ناوچەی عەرەبی سوننە، ئەویش دوابەدوای پێکهاتنی سێهەم حکوومەتی مالیکی لە ئەپریلی ساڵی ٢٠١٤، هەرچەشنە هیوایەکی بۆ دابەشکردنی هێز لەنێوان شیعە-سوننە لەبار برد. ئەمەش وای کرد بەشە بەرچاوەکانی حەشیمەتی عەرەبی سوننە کە بریتیبوون لە بەعسییەکان، بەرەو لای داعش بچن؛ ئەمەش دوابەدوای هێرشە لەناکاوەکەی ژووەنی ٢٠١٤، گەڕانەوە شارەکەی مووسڵ و دەسبەسەرداگرتنی نزیکەی یەک بەش لە سێ بەشی خاکی عێراقی لێ کەوتەوە؛ ئاکامەکەشی دەرکردنی بڵاوکراوەی دامەزرانی خەلافەتی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتیی داعش بوو. لەناو ئەم چوارچێوەیەدا دەستێوەردانی ئەمەریکا لە ڕێگای بۆمباردومانی ئاسمانیی دەوڵەتی ئیسلامی لە پاڵپشتیکردنی هێزە خۆجێییەکانی دژی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر زەوی، شەڕی دژەتالیبانی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠١ لە ئەفغانستان دینێتەوە یاد.

وا دێتە بەرچاو لەو مانگانەی دواییدا جووڵەی[٤] هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بە شێوازێکی بەرچاو کەم بۆتەوە. بەڵام تەنانەت بە لەبەرچاونەگرتنی چارەنووسی دەوڵەتی ئیسلامیش، عێراق و سووریا بە شێوازێکی زۆر بنەڕەتییانە کە نەدەکرا پێشی لێ بگیرێت لە دۆخی پێشوویاندا گۆڕانیان بەسەردا هات. و [چارەنوسی] داهاتووشیان، ڕێك وەک دامەزرانی

---

١. Conjuncture
٢. Full-fledged
٣. Reflection
٤. momentum

سەرەتاییيان لەژێر کاردانەوەی ستراتیژیکی دیالێکتیکی ڕەهەندی گەشەی نا-هاوسەنگ و ئاوێتە دەبێ.

زرێبار

وەرزنامەی فەرهەنگی/ئەدەبی/کۆمەڵایەتی